# ژنانی کوردستان لەبەرامبەر وەزیرو بەڕێوەبەرە هەوەسبازە کاندا، کام ئاسۆ و ئاینده چاوەڕوانیانە!

ئەمیر قادر – هۆڵەند



Khadir8@Yahoo.com

ڕۆژنامەی ئاوێنە هەواڵێکی گرنگی لەسەربنەمای ڕاپۆرتێکی د.یوسف عوسمان بڵاو کردۆتەوە کە ئەمە پوختەکەیەتی (بەپێی توێژینەوەیەکی مەیدانی لەماوەی دوو ساڵدا 435 ئافرەت لەلایەن وەزیرو بەڕێوەبەری گشتیو بەرپرسەکانیانەوە پەلامار دراونو دەستدرێژی سێکسییان کراوەتە سەر لەهەرێمی کوردستاندا.





دکتۆر یوسف عوسمان حەمەد کە ئەم تۆژینەوەیەی ئامادە کردووە، بەئاوێنەی ڕاگەیاند «ئەم ئامارە تەنها پشت ئەستوورە بەو لێکۆڵینەوەو زانیاریانەی کە ڕێکخراوە مەدەنییەکان بەتایبەتی ژنانو بنکەکانی پۆلیسو ڕۆژنامەکانی ئاوێنەو هاوڵاتیو میدیا ئەنجامیان داوەو بڵاویان کردووەتەوە». دکتۆر یوسف ئاماژەی بەوەش کرد کە ئامارەکە «تەنها ساڵانی 2005 بۆ 2006 دەگرێتەوەو ئەنجامدەری ئەو دەستدرێژیانەی کراوەتە سەر ئەم ئافرەتانەش، هەندێک لەو کەسانەن کە لەوەزارەتەکانو بەڕێوەبەرایەتییەکانو کۆمپانیاکانو چەند شوێنێکی تر کە ئافرەت وەک فەرمانبەر لایان کار دەکەن».هەروەها دەڵێت «بەپێی زانیارییەکانی ناو توێژینەوەکە ئەوانەی دەستدرێژی سێکسییان ئەنجامداوە لەپلەی وەزیرو بەڕێوەبەری گشتیو بەڕێوەبەرو تا بەرپرسەکانی خوارەوەیان تیادایە».دکتۆر یوسف لەکۆتایی لێدوانەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لەپەراوێزی کۆنفرانسی «بەڵێ بۆ ژیانێکی دوور لەتوندوتیژی مێینە» کە ڕۆژی 25 نۆڤەمبەر لەرۆژی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بەژناندا لەهەولێر ساز کرا، توێژینەوەکەی پیشانی چەند کاربەدەستێکی وڵات.

داوە کە لەو کۆنفرانسەدا ئامادە بوون.

ئەوەی سەرەوە لە ڕۆژنامەی ئاوێنەدا هاتووە *،شتێک کە لام سەیربوو،ئەم هەواڵە پڕ لە پرسیارو

گرنگە هیچ قەڵەمێکی ژن و پیاوی نە لەقەڵەمە ئازادەکان و نەلەقەڵەمە هەوسارکراوەکان ڕانەچڵەکاند،کەدووقسەی لەسەربکەن!.هەموو هەرخەریکی وونبوون و بەدواداگەڕانی سەرۆک بارزانی بوون!،هیچ باس و سەرنجێکیشم لەهیچ یەک لەڕێکخراوەکانی ژنان و هەڵسوڕاوەکانی ئەم بوارەوە نەبینی و نەخوێندەوە!

ئەو داتایەی سەرەوە ئەگەر کەمێک شیبکەینەوە،435 ژن لەماوەی 2 ساڵدا،وەک باوە لەکوردستاندا ڕەنگە ساڵانە تەنها 250 ڕۆژ لەساڵدا کاربکرێت،ئەوانەی تری زۆربەیان پشوو و جەژن و هتد..،تازە ئەم زانیاریانە تەنها ئەوانەن کە تۆمارکراوون لە شوێنە ڕەسمیەکاندا،بەلەبەرچاو گرتنی جێگەو ڕێگەی ژنان لەکۆمەڵگای کوردستانداو،خراپ کەوتنەوەی ئەم ڕاستیە هەمیشە بەسەرژنانداو لەبەرژەوەندی پیاواندا،دەکرێت بەشە ڕانەگەیەنراوەکەی دیاری بکەین یان بتوانین بقەبلێنین،کەڕەنگە زۆر گران نەبێت و لانی کەم بتوانین بەهامان برِ واتە 435 ژنی تر کەدەستدرێژیان کراوەتە سەرو لەهیچ کوێ باسیان نەکردووە و بەنەهێنی ماوەتەوە.

بەم جۆرە لانی کەم دەگەینە ئەوەی کە نزیکەی لەهەر1 ڕۆژی کارکردندا 2 ژن دەستدرێژیان کراوەتەسەر لەلایەن وەزیرو مدیرو بەرپرسانەوە.بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەش کەکوردستان وڵاتێکی گەورەو کاراوبەرهەم هێن نیە و ڕێژەی ژنان لە بەڕێوەبردن و بەرهەم هێناندا زۆر لەپیاوان کەمترە ،بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەش کە کوردستانی بەشی عێراق ڕەنگە 5 ملوێن کوردهەبن ئەگەر ئەم داتایانە بخەینە پاڵ یەک دەزانین چ بارودۆخێکی نالەبارو ناڕەوا یەخەی بەژنانی بەرهەم هێن و فەرمانبەر گرتووە و دەبینین کە دەسەڵاتداران و بەرپرسەکان چ دڕندەیەکی کێوی و بێفکرو زانیارین،ئەمە بواری ئەوە ناهێڵێتەوە کە نەک هەردوودڵ بین لەئاستی کارای و بەرهەم هێنان و ئیداریدا،کەسێک کەهەموو بیرو هۆشی لەسەر پەلاماردان و دەستدرێژی کردن بۆ سەرکارمەندو ژنان بێت دیارە ئاستی بەرهەم هێنان و ئیدارەکردنەکەی لە چ ئاستێکدایە!.

ئەو چەند دێرەی کەلەو ڕاپۆرتەدا هاتوون و کەس قسەیان لەسەرناکات هەزاران پرسیارو ناڕەزایەتی هەڵدەگرن!

ئایا ئەوتاوانبارانەی کەئەم کارانەیان کردووە،چەندیان لەبەرانبەر دادوەردا وەستاوون و سزادارون،ئایە ئەم سیستەمی دادوەریە ماڵیو حیزبی و نائازادو کلاسیکیە لەئاستی ئەوەدایە کەبتوانێت شتێک بۆ مافی ئەم قوربانیانە بکات؟.ئەگەر ئەم بەرپرسە نەخۆشانە سزادارون ئێستا لەکام نەخۆشخانە و زینداندا چاری ئەم ئاڵودەبیەیان دەکرێت؟.ژنانێک کەبوونە قوربانی ئەم تاوانە کێ و کام دەزگا یارمەتیان دەدات؟مافەکانیان لەبەرانبەر وەزیرو بەرپرسە دەسەڵاتدارەکاندا چۆن دابین دەکرێن؟.ئەگەر لەوەبگوزەرێین و وادابنێین کە ئەم تاوانبارانە لەسەرو داد گاکان و دەسەڵاتی قانوون و خەڵکی کرێکارو بەرهەم هێنەوە نین و هەر ئەمرۆ چەند تاوان و کەتنی تریان ئەنجام نەداوەو دیارنیە خوشک و کەسو کاری کاممان دەبنە قوربانی.

زۆر پرسیاری گرانترم هەن،بەڵام وازیان لێدێنم و دەمەوێت ئەوەبڵێم ڕۆشنبیران و قەڵەم

بەدەستانی کوردستان چەند هەستیارن! هەڵسوڕاوانی مافی ژنان و هەمووکەسێکی دیموکرات و یان ئەوانەی کەسەرو بنی نووسین و قسەکانیان مافی مرۆڤ و فیمینیزمە لەکوێن؟بوون و سێکس و

کەسایەتی خوشک و هاوسەرو هاوسایەو خۆشەویست و کچ و دایکمان لەبەرانبەر مشتێنک هەوەسبازو کەسانی نەخۆش و سەروسامان و دەسەڵاتداردایە!

کام ڕێگاچارەمان لەبەردەمدایە،ناڕەزایەتی و بەرپێگرتن و یارمەتیدانی قوربانیەکان،یان لەناوبردن یان لاوانەوەی قوربانیەکان و چەمانەوە لەبەردەمی تاوانبارانداِ؟.ئێمە کۆمەڵگایەکی قوربانی کوژو تاوانبار پەرستین! ئەمە نەخۆشیە چۆن و کەی تەقەلایەک بۆ ڕزگاربوون دەدەین؟!

سەرچاوە لەم لینکەی خوارەوە کلیکبکە:*

http://www.awene.com/index.php?option=com_content&task=view&id=2325&Itemid=52